# نمونەی ئاو و ئاگر لە قورئاندا
## لە سەر
# بڕواداران و بێ باوەڕان و دووڕووان

نوسینی

باوکی عبد الحق عبداللطيف أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

خوێنەری بەڕێز :

کە سەیری سورەتەکانی قورئانی پیرۆز بکەین دەبینین خوای پەروەردگار نمونەی جۆراو جۆری لە هەموو ڕوانگەیەکەوە بۆ هێناوینەتەوە، بۆ ئەوەی بەباشی تێی بگەین و حاڵی ببین و ڕاستو ناڕاست لە یەکتری جایا بکەینەوەو بیر بکەینەوەو هۆشمان بێتەوەبەر بۆ هەڵ بژاردنی ئەوەی کە ڕاستەو چاکە وە واز بهێنین لەوەی کە ناڕاستو خراپە ، وەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِن كُلِّ مَثَلٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ [الزمر : ٢٧].

واتە: سوێند بەخوا ، بێگومان ئێمە بۆ خەڵکیمان هێناوەتەوە لەم قورئانەدا هەموو جۆرە نمونەیەك، بەڵکو یاداوەری بکەنو ڕاستیان بێتەوە یادو تێ بگەن، چونکە بەنمونە هێنانەوە مرۆڤ چاکتر تێ دەگات.

وە فەرمویەتی: ﴿وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ [الـحشر : ٢١].

واتە: ئەم نمونانە بۆ ئەوە دەهێنینەوە بۆ خەڵك بەڵکو بیر بکەنەوەو حەق بدۆزنەوە.

بەڵام ئایا هەموو خەڵکی سوود مەند دەبن لە نمونەکان و وەریان دەگرن و بیری پێدەکەنەوە؟!.

لە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر بەڵکو خەڵکی بەرامبەر ئەم نمونانە سێ کۆمەڵن :

**كۆمەڵی یەکەم** : - ئەوانەی کە لە نمونـــەکان حـــاڵی دەبـــن و ســـودیا لـــێ دەبینن، وە ڕاستیان بۆ دەردەکەوێت لە ڕوانگەی نمونەکانەوە.

ئـــەم کۆمەڵـــەش ئەوانـــەن کـــە زانـــاو تێگەیشتوون، وە عاقڵ و بیر پاکن.

وەك خوای پەروەردگار فەرمویەتی:
﴿وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ وما یعقِلُها إلا العالِمون﴾.

واتـه : ئـەو نمونانـه بـۆ خـەڵکی بـاس دەکـەین، بـەڵام کـەس تێیـان ناگـاتو سودیان لێ نابینێت تەنها زانایان نـەبن. کەواتە ئەو کەسـەی لـە نمونـەکان حـاڵی بێت حاڵی بوونێکی سوود بـەخش، ئـەوە نیـشانەی زانایەتییـە إن شـــاء الله ، وە پێچەوانەکەیشی نیشانەی نازانایەتییـە. لەبـەر ئـەوە هەنـدێ لـە سـەلەف کـە لەنمونەیـەکی قورئـانی حـاڵی نەبوایـە، ئەوە بێ تاقـەت دەبـووو دەیـووت ئـەوە نیشانەی ئەوەیە کە لەزانایان نیم.

**کۆمـــەڵی دووەم** : - ئەوانـــەی کـــە پێچەوانەی کۆمەڵی یەکەمن، ئەوانەی کە لەجیاتی سود وەرگرتن و هیدایەت زایاتر سەرکەش دەبنو بێ باوەڕ دەبن.

وەك خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێ:
﴿... فأبى أكثرُ الناس إلا كفوراً﴾.

واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە لـەم قورئانەدا هەموو جۆرە نمونەیـەکمان بـۆ خـــەڵکی هێناوەتـــەوە بـــۆ ئـــەوەی بـــیر بکەنەوەو تێبگەن، بەڵام زۆربەی خەڵکی تەنها ڕێبازی کـوفرو خوانەناسـی نـەبێت هیچیتر هەڵنابژێرن.

وە پەروەردگارمان فەرموویەتی:
﴿وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَـذَا الْقُرْآنِ لِيَذَّكَّرُواْ وَمَا يَزِيدُهُمْ إِلاَّ نُفُوراً﴾ [الأسراء : ٤١].

واتە: سـوێند بـەخوا بەڕاسـتی نمونـەو باسی جۆراو جۆرمـان بـاس کـردووە لـەم قورئانـەدا بـۆ ئـەوەی خـەڵکی ڕاسـتییان بێتـەوە یـادو بـیر بکەنـەوە، بـەڵام ئـەو هەموو نمونەو بەڵگە ڕوونو جۆراو جۆرە هـــیچ شـــتێکی بـــۆ زیـــاد نـــەکردن دوور کەوتنەوەو ڕاکردن نەبێت لە ڕاستی!!.

**کۆمەڵی سێیەم** : - ئەوانـەن کـە لـــەجیاتی تەســـلیم بـــوون بـــە نمونـــە ڕوونـــەکانی قورئـــان موجادەلـــەی تێـــدا

دەکەن و عینادی دەکەن، وەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی:
﴿وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَذَا الْقُرْآنِ لِلنَّاسِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ وَكَانَ الْإِنسَانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا﴾ .

واتە: سوێند بەخوا بێگومان لەم قورئانەدا لە هەموو نموونەیەکی جۆراو جۆرمان بۆ خەڵك هێناوەتەوە بەشێوەیەکی وەها کە یەکسەر مل کەچی بن و تەسلیمی بن، بەڵام حاڵەتی مرۆڤ وایە کە زۆربەیان لە هەموو شتێك زیاتر موجادەلە دەکات و گومان و دوو دڵی دروست دەکات بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بشێوێنێت و ڕەتیان بکاتەوە.

کەواتە پێویستە مرۆڤ کە بەڵگەی و نموونەی ڕوونی بۆ هات یەکسەر بەڕاستی دابنێت و تەسلیمی بێت، نەك موجادەلەی تێدا بکات، یان لێی ڕابکات و پشتی لێ هەڵبکات و بێباوەڕبێت پێی.

وە نموونەکانی قورئانی پیرۆز زۆر زۆرن، وە هەروەها لەفەرمودەکانی پێغەمبەریشدا ﷺ نموونەی زۆرمان هەیە کە وردبوونەوە لێیان دەبێتە هۆی زیاتر حاڵیبوون و باش تێگەیشتن و زوو تەسلیم بەحەق بوون.

جا بەیارمەتی خوا چەند نموونەیەك هەڵدەبژێرین لە قورئان و سوننەتدا بەو ئومێدەی کە زیاتر ڕێگای ڕاستمان بۆ دەربکەوێت و بشزانین:

١. ڕێبوارانی ڕێگاکە کێن و سیفەتیان چین ؟
٢. وە ئەوانەش بناسین کە تەنها لە ڕواڵەتدا لەسەر ڕێگای ڕاست ماون، کە مونافیقەکانن،
٣. وە هەروەها ئەوانەش کە بەئاشکرا لەڕێ دەرچوون کە کافرەکانن.

## نموونەی ئاو و ئاگر

خوای پەروەردگار نموونە بەئاوو ئاگر دەهێنێتەوە لەسەر بڕواداران [1] و بێباوەڕان [2] و دووڕووەکان [3] بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

(١) لە سورەتی الرعد .
(٢) لە سورەتی النور : (٣٩–٤٠) .
(٣) لە سورەتی البقرة ( مثلهم .... ) .

**یەكەم** :-

## نموونەی ئاوو ئاگر بۆ ئەو هیدایەتو زانستەی كە لەدڵی برواداردا دەچەسپێت:

خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿أَنـزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ زَبَداً رَّابِياً وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ ابْتِغَاء حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِّثْلُهُ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاء وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الأَرْضِ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللّهُ الأَمْثَالَ﴾ [الرعد : ١٧] .

**یەكەم**: **نمونەی ئاو**:

واتە: پەروەردگاری هەموو بونەوەر دایبەزاندوەو باراندویەتی لە ئاسمانەوە بارانێك كە دۆڵەكانی لێ پڕدەبن و بە گوێرەی گەورەیی و بچوكی خۆیان ئاویان پێدا دەڕواتو لافاویان لێ دروست دەبێت كە كەفو كوڵو پوشو پەڵاشو شتی سووك و بێسودیش هەڵدەگرێت لەسەر ڕووی خۆی.

لەم نمونەی ئاوەدا وادیارە كە خوای پەروەردگار ئەو هیدایەتو ڕێنماییە جوانەی كە ناردویەتیە خوارەوە بۆ خەڵكی لە ڕێگای پێغەمبەرەكەی ﷺ چواندویەتی ( تەشبیهی كردووە ) بەو ئاوی بارانەی كە لە ئاسمانەوە دەیبارێنێتە سەر زەوی.

چونكە هەروەكو چۆن ئاوی باران زیندووكەرەوەی زەوییە، بەهەمان شێوەش هیدایەتەكەی خوا زیندوو كەرەوەی ڕاستەقینەی دڵەكانە، وە چەندە زەوی پێوستی بەئاوە، زیاتریش دڵەكان پێویستیان بەهیدایەتی خواییە.

وە دڵەكانیشی چواندوە بە دۆڵەكان كە ئاودەگرن بەگوێرەی حەجمی خۆیان، چونكە دڵی وا هەیە جێگای هیدایەتو زانستی زۆری تێدا دەبێتەوە، وە هەیشە بچوكەو تەنها كەمێك عیلمو هیدایەت دەگرێتە خۆی. مرۆڤی وا هەیە دڵە فراوانە پڕ لە عیلمو زانستەكەی وەك دۆڵێكی گەورەی پڕ لە ئاو وایە، بەشی ئوممەتێك دەكات، بەڵام مرۆڤی واش هەیە تەنها زانستەكەی كە لە قورئانو سوننەت وەری گرتووە ئەگەر بەشی خۆیشی بكات ! !.

وە خوای پەروەردگار ئاماژەی كردووە بۆ ئەو كەفو كوڵو شتە سوكە سەر

ئاوبوانـــەی کـــە ڕووی لافاوەکـــەیان داپۆشیوە. وە نمونەی ئەو کەفو کوڵـە وەکو ئەو ژەنگو ڕووکەشـە وایـە کـە دڵ دادەپۆشن کە بریتین لە دووشت:

١. **شەهوە** : کە ویستی ڕاستی مرۆڤـ لاواز دەکەنو وای لێ دەکـەن کـە ناهـەق هەڵبــژێرێت بەســەر هەقـــدا، چـــونکە ڕابواردنێكو لەزەتێکی کاتی دەبینێت لـە هەڵبــژاردنی ناهەقـــدا، وە ناڕەحـــەتیو ناخۆشی کاتی دەبینێت لە هەقدا.

٢. **شـوبهە** : وە شـوبهەو گومـانو دوو دڵـــیش وای لـــێ دەکـــات هـــەق ڕەت بکاتـــەوەو هـــەق بـــە ناهـــەق ببینێـــتو ناهەقیش بە هەق!!.

بەڵام ئەو **شەهوەت** و **شـوبهەیە** وەك کەفی سەر لافاوەکە وایە، واتە پوچەڵەو کاتیەو خۆنەگرە.

**دووەم**: **نمونەی ئاگر**:

وە پـێش ئـەوەی خـوای پـەروەردگار ئـــەم نمونـــەی ئـــاوە تـــەواو بکـــات نمونەیـــەکیش دەهێنێتـــەوە بـــەئاگر دەفەرموێ: ﴿وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ ابْتِغَاء حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِّثْلُهُ...﴾ .

واتـــە: هـــەروەها لەســـەر ڕووی ئـــەو کانزایانـــەی کـــە ئـــاگری تێبـــەر دەدەن بەمەبەستی دروستکردنیو دەسکەوتنی خشڵی وەکو ئـاڵتونو زیـوو، یـاخۆ بـۆ پێویـستی تـر وەکـو ئاسـنو مـسو قورقوشم، کەفو کوڵ دروست دەبێتو تـــوێکڵێکی پوچـــەڵ دەردەکـــەوێتو ڕووکەشی کانزایەکە دەکات وەکو کـەفی سەر ئاوەکە.

﴿... كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاء وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الأَرْضِ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللّهُ الأَمْثَالَ﴾

واتە: ئابەم شێوەیە خوای پەروەردگار نمونەی هەقو ناهەق دەهێنێتەوە:

- ❀ هـەق وەکـو ئـاوە پاکەکـەی ژێـر کەفەکـــەو، زێـــڕە پاکەکـــەی ژێـــری توێکڵە ڕووکەشەکە وایە.
- ❀ ناحـەقیش وەك کەفـە کاتیەکـەی ســـــەر ئاوەکـــــەو، ڕوو کەشـــــە پوچەڵەکەی دەوری کانزایەکە وایە.
- ❀ ناحـــەق وا خـــۆی نیـــشان دەدات لەســـەرەوەیەو هـــەموو شـــوێنێکی داپۆشـــیوەو هـــەر خـــۆی هەیـــەو بەهێزەو زاڵە!!.

❀ بەڵام حەق پاكەو پتەوەو ڕەسەنە، وە هەرچەندە جار جار هێرشێكی وەختی ناحەق دەیشارێتەوە، بەڵام زۆر نابات ڕوو كەشی ناحەق دەتوێتەوەو پوچەڵ دەبێتەوەو ڕووی سپیو پاكی حەق وەدەر دەكەوێتەوەو خۆشی بۆ خەڵك دەگەڕێتەوە.

وەك خوای پەروەردگار لە دوو نمونەكاندا دەفەرموێت:

﴿فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاء وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الأَرْضِ﴾ [الرعد : ١٧] .

واتە: كەفو ڕووكەشە پوچەڵەكە بێ سودەو، دەڕواتو دەپوكێتەوەو نامێنێت.

وە ئەوەش كەسود دەگەیەنێت بە خەڵكی دەمێنێتەوە لە زەویداو تەمەنی درێژ بۆ ئەو دەبێت.

وە سود بەخشەكەشی زێڕە خاڵسەكەو ئاوە پاكەكەن .

وە كەفەكەش كەوای نیشانی خەڵكی دەدا شتێك بێتو بونی هەبێت پەردەیەك بوون لە نێوان خەڵكیو گەیشتن بەڕاستەقینە سود بەخشەكە، بەڵام پەردەكە زوو دەردەكەوێت كە ڕەسەنو سود بەخش نیەو، زووش خەڵك ڕزگاریان دەبێت لێیو دەپوكێتەوەو نامێنێت.

وەبە هەمان شێوەش شوبهەو گومانەكان و شەهوەتو ئارەزووەكان دەبنە ڕێگری خەڵكی لە گەیشتن بەحەقو بەهرەمەندبوون لێی.

گومانو شوبهە دەبنە ڕێگرو پەردەیەك لە گەیشتن بە حەقو لێ حاڵی بوونیو بەڕاست دانانی.

وە شەهوەتو ئارەزوەكانیش دەبنە ڕێگرو پەردە لە هەڵبژاردنی هەقو شوێن كەوتنی.

بەڵام ئەگەر دڵ ساغو سەلامەت و پاك بێت، ئەوە كاتێك بەڵگەكانی حەقی بۆ دەردەكەون بەڕاستیان دادەنێتو شوبهەكان ڕەت دەكاتەوەو هەڵیان دەوەشێنێتەوەو دوو دڵیو گومانی بۆ دروست نابێت.

وە هەروەها بەویستێكی پتەوو، ئیمانێكی بەهێزیش ئارەزوە خراپەكان

پوچەڵ دەکاتەوەو پێیان ناخەڵەتێتو شوێنیان ناکەوێتو واز لە حەق ناهێنێت بۆ ناحەق.

ئابەم شێوەیە خوای پەروەردگار نمونەی ئاوو ئاگری هێنایەوە بۆ دەرکەوتنی حەق لە ناحەق.

کەواتە حەق پاکەو دەمێنێتەوە سود دەگەیەنێت بەخەڵك، ئەگەر چی جارجاریش لەهەندێ خەڵکی بشاردرێتەوە.

وەناحەقیش پیسەو بێ کەڵکەو زوو دەڕواتو لەناو دەچێت ئەگەر چی جارجاریش جێگای خۆی بکاتەوەو خۆی نیشانی خەڵك بدات بەسود بەخش!!

کەواتە با شوێنی حەق بکەوین کە لەلایەن خواوە هاتووە. وە پەردە زەقە ڕووکەشە پوچەڵەکەی ناهەق نەمان ترسێنێتو نەمان خەڵەتێنێت !!

**تێبینی:** هەروەکو چۆن لافاو کەبەسەر زەویدا دێت بەناو دۆڵەکاندا کەفو کوڵو پوشو پەڵاشو شتی سوكو بێ کەڵکی سەر ڕووی زەوی ڕادەماڵێتو خڕی دەکاتەوەو هەڵی دەگرێتو دەیخاتە سەرەوەو لەسەر زەوی نای هێڵێتەوە. بەهەمان شێوەش ئەو زانستو هیدایەتەی کە پەروەردگار لەڕێگای پێغەمبەرەوە ﷺ ناردویەتی بۆ دڵەکانمان، کاتێك کە دەگاتە دڵەکان، ئەو هیدایەتو عیلمە هەرچی ژەنگو ژاری شەهوەتو شوبهەی ناو دڵ دەوروژێنێت بۆ ئەوەی هەڵی کەنێتو ڕای بماڵێتو لەناو دڵدا نەمێنێتو بیخاتە ڕووو دوایش پوچەڵی بکاتەوە، چونکە ئەو هیدایەتە بەهیچ شێوەیەك ڕێگا نادات بە شەهوەتو شوبهە کە پیسنو زیان بەخشنو بێ کەڵکن لەدڵدا بمێننەوە لەگەڵ هەقدا.

خوای پەروەردگار نمونەی بە ئاوو ئاگر هێنایەوە بۆ ئەو حەقو هیدایەتەی کە لە دڵی بڕواردا جێگیر دەبێتو پیسیەکان دەکاتە دەرەوە.

- وە نمونەی ئاو حیکمەتەکەی ئەوەیە کە چۆن ئاو هۆی سەرەکی ژیانەو فێنکی و سودی لێ وەردەگیرێت. بەهەمان شێوەش وەحی خوایی هۆی سەرەکی ژیانی

ڕاستەقینەی دڵەکانەو فێنکیو ئارامی دڵـــەکان تـــەنها بـــەو قورئـــانو سوننەتەوەیە.

- وە حیکەمـەتیش لـە نمونـەی ئـاگر ئەوەیـە کـە هـەروەکو چۆن ئـاگر هـۆی سـەرەکی ڕونـاك کردنـەوەو سـوتاندنە، بەهەمان شێوەش وەحی خوایی ڕووناك کـەرەوەی دڵەکانـە لـە تاریکاییـەکانی نەفامیو دوو دڵیو زوڵمو ستەمو نیـەت پیسی. وەهـەروەها تـەنها بـەو وەحیـە پیسی شـەهوەتو شـوبهەو گومانـەکان دەسوتێنو دڵیان لـێ پـاك دەکرێتـەوە. هەروەکو چۆن ئاگر زێڕ پـاك دەکاتـەوە لەخشتو خاڵ بەهەمان شێوەش وەحی دڵ پاك دەکاتەوە لە گومانو مەبەستی خراپ.

وە کەسـێك بەهرەمەنـد نـەبووبێت بـە قورئانو سوننەت ئەوە خۆی ناگرێت نـە لەئاسـتی شـەهوەتو ئـارەزوەوە زیـان بەخـشەکانی. وە نـە لەئاسـتی شـوبهەو گومانـە گومڕاکـەرەکانی. وە لێـی دەبـن بـەژەنگو خۆرکـەو دڵـی دادەڕمێـنو گەندەڵی دەکەن.

**تێبینی** / دڵـی مـرۆڤ بـەپاکی دروسـت کـراوە لەسـەر فـیترەت، بـەڵام خـشتو خاڵی شـەهوەتو شـوبهە دای دەپۆشـن، جا بـەهۆی وەحـی قورئـانو سوننەتەوە خـــشتو خاڵەکـــە دەســـوتێنرێتو جیادەکرێتـەوەو ڕادەماڵـدرێتو فیتڕەتـە پاکەکـە ئـاو دەدرێـتو زیـاتر پـەروەردە دەکرێت.

لــە دوو نموونەکــەی پێــشوو بۆمــان دەرکـەوت کـە ژیـانێکی ڕوونـاك بـە ئـاوو ئاگرەوە بەنـدە، چونکە ئـاوو ئاوەدانیـە وهۆی ژیـانی لاشـەیە ﴿وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاء كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ﴾ وە ئـاگریش ڕوناکیی‌یە.

وە وەحیەکەی خـوای پـەروەردگاریش لە نمونەیەکدا بەئاو تەشبیە کرا، چـونکە هـۆی ژیـانی ڕاسـتەقینەی دڵەکانـەو دڵ بەبێ ئەو وحیی‌یە بەمردوو حیسابە.

وە لە نموونەیەکیشدا بـەئاگر تەشـبیە کـراوە، چـونکە دڵـی بـڕوادار ڕوونـاك نابێتەوە لەتاریکاییـەکانی نـەفامی و دوو دڵـی و گومـان و بـەد نیـەتی تـەنها بـە وەحی نەبێت.

بەڵگــەش لەســـەرئەوەی کـــەوەحی ڕووحـی ڕاسـتەقینەو ڕوونـاکی بەدڵـەکان دەبەخشێت ئەم ئایەتەیە کەدەفەرموێت

﴿وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحاً مِّنْ أَمْرِنَا مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَكِن جَعَلْنَاهُ نُوراً نَّهْدِي بِهِ مَنْ نَّشَاء مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ [الشورى : ٥٢].

واتە: ئابەم شێوەیەی کە وەحیمان بۆ پێغەمبـەرانی پـێش تـۆ نـارد ئـەی محمد بـۆ تـۆش وەحیمـان نـارد، کـە بریتیـە لـە ڕووحێـك لەلایـــەن ئێمـــەوە کـــەژیانی ڕاســـتەقینەی دڵـــی تێدایـــە. وە تـــۆ نەتدەزانی کە کتابـەکانی پێـشوو چـین و ئیمـان چیە! بـەڵام ئێمـە پـێش ئـەوەی وەحیت بۆ بنێرین ئێمـە ئـەو قورئانـەمان بۆناردیت و کردمان بـە ڕوونـاك کـەرەوە. وە ئەوەی کە بمانەوێ ڕێنمویی دەکـەین بەم ڕووناکی قورئانە.

وەخوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قَدْ جَاءكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيراً مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ قَدْ جَاءكُم مِّنَ اللّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُّبِينٌ }١٥{ يَهْدِي بِهِ اللّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلاَمِ وَيُخْرِجُهُم مِّنِ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ}[المـائدة : ١٦] .

واتــە: بەڕاسـتی لەلایـەن خـواوە بۆتـان هاتووە ڕووناکیو کتـابێکی ڕوونکـەرەوە کـە قورئانە. کە خوای گـەورە بـە ڕوونـاکی ئـەم قورئانە ڕوونکەرەوەیە هیدایەتی خوازیـارانی ڕەزابوونی خوا دەدات بۆ ڕێگاکانی ئاسـایش و ســەلامەتی، وەدەریــان دەهێنێــت پێــی لەتاریکیەکانەوە بۆ ڕووناکی.

کەواتــە هەرکەســێ شــوێنی وەحــی کەوێت ئەوە زیندووەو لە ڕۆشنایشدایە.

وەهــەر کەســێکیش شــوێنی وەحــی نەکەوێت ئەوە دڵ مردووەو لە تاریکییو زۆنگاوو گومڕایی دایە.

جا دوای ئەوەی کە زانیمان بڕوادارانـی ڕاســتەقینە هیدایەتەکــەیان وەرگــرتو بەهرەمەنـد بـوون پێـی. بـابزانین بەشـی مونافیقــەکانیش لــەم هیدایەتــە چــیەو حاڵیان چۆنە لەگەڵیدا.

## دووەم :

## دوو نمونەکەی ئاوو ئاگر لە سەر مونافیقەکان

- **نمونەی ئاگر:**

خـوای پـەروەردگار بـە نمونـەی ئـاگر دەست پێ دەگات دەفەرموێت:

﴿أُوْلَـئِكَ الَّذِينَ اشْتَرُوُاْ الضَّلاَلَةَ بِالْهُدَى فَمَا رَبِحَت تِّجَارَتُهُمْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ (١٦) مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَاراً فَلَمَّا أَضَاءتْ مَا حَوْلَهُ ذَهَبَ اللّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لاَّ يُبْصِرُونَ (١٧) صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَرْجِعُونَ (١٨)﴾ [البقرة] .

واتــە: وێنــەو نمونــەی مونافیقــەکان کاتێك کە ئیمانیان هێنا بەڵام بەم حاڵەتە نەمانەوە بـەڵکو لـە دڵدا کافر بوونەوە ـ ئەو حاڵەتەیان وەکو کەسێك وایە کـە لـە تاریکاییەکی گەورەدایەو پێویستی زۆری بەئاگرو ڕونـاکی هەیـە، بـەڵام خـۆی لای دەست ناکەوێت. ئـەویش لـە کەسـانێکی خاوەن ئاگرو ڕونـاکی ئـاگر داوا دەکـات، جـا کاتێـك وەریگـرتو ئاگرەکـە دەوروو بــەری بــۆ ڕونــاك کــردەوەو ڕێگایــان دۆزیەوەو زانیان کە دەورو بەری ڕێگاکـە چەند هەڵدێرو ترسناکە لەو کاتەدا خـوای پــــەروەردگار ڕووناکیەکــــەیان لــــێ دەستێنێتەوەو تەنها ئاگرێکی سوتێنەری بێ ڕووناك کـەرەوە دەمێنێتـەوە، وە لـە تاریکاییــەکانی شــەوە زەنــگو بــارانو هەورو چۆڵەوانیو ڕێگا لێ ونبـوون جێـی هێـشتن بـە شـێوەیەکیوا کـە بـەر پێـی خۆشیان نەبینن. وە دەرگای دۆزینەوەی ڕێگای ڕاستیشیان لـێ داخـراوە، چـونکە نــە ســود لــە گوێــچکەیان دەبیــنن بــۆ بیــستنی ڕێنمــایی، وە نەزمانیــشیان دەتوانێـت بـدوێتو بـانگی پــێ بکـاتو داوای فریاهــاتنی پــێ بکــات. وەنــە بەچاویـشیان ڕێگـا ڕاسـتەکە دەبیـنن. کەواتە جارێکی تر ناگەڕێنەوە سـەر ئـەو حاڵەتە بەختەوەریە خۆشەی کە لـەکاتی ڕووناکیەکەدا تیایدا بوون.

بەهەمان شێوەش مونافیقەکان خۆیان خـاوەنی ڕونـاکی ئیمـان نـەبوون بـەڵکو لـەبڕواداران وەریـان گرتبـوو و بـەهۆی ئــەوان ئیمانیــان هێنــا. وە ئیمــان هێنانەکەیان بوو بەهۆی پاراستنی سـەرو ماڵیان، وە پاراستنی لـە دونیـادا، بـەڵام کاتێك کـە مـردن یەخـەیان دەگرێت ئـەو کاتــە قــەڵغانی ئیـسلامەتیان نامێنێـتو سـودیان پێناگەیـەنێت بـۆ نـاو تاریکـایی قەبرو ترسناکی قیامـەتیان، بـەڵکو فـڕێ دەدرێنە پلەی هەرە تاریکو خـوارەوەی دۆزەخ.

وەهەروەها لە دونیاشدا لە گومڕاییدا دەژینو بەردەوام لە گومانو دوودڵیدانو، جارێکی تر ئەمەلی گەڕانەوەشیان نییە بۆ ڕوناکی هیدایەت، چونکە دوای ئەوەی کە ڕێگایان بۆ ڕۆشن بۆوەو حەقیان ناسی ئەوکاتە وازیان لێ هێناو گومڕاییان هەڵبژارد بەسەر هیدایەتدا. ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ﴾ وە بەمە هەموو دەرگاکانی هیدایەتیان لە خۆیان داخست:

- طوێضکةیان هةیة بةلآم کةرن لةئاستی بیستنی حةقدا.
- وة زمانیان هةیة بةلآم لالن لةئاستی وتنی حةقدا.
- وة ضاویان هةیة بةلآم کوێرن لةئاستی بینینی حةقدا.

جا لەبەر ئەوە جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ ڕێگای ڕاست، بە پێچەوانەی ئەو کەسەی نەزانو نەفامەو حەقی نەدۆزیوەتەوە پێشتر، بەلآم کاتێك بۆی دەردەکەوێت ئەوە دەچێتە سەری.

ئەوە نمونەیەك بوو لەسەر ئەو مونافیقانەی کە دوای ڕێ ڕوونیو هیدایەت تاریکایی گومڕایان هەڵبژاردو گومڕایان کڕی بە هیدایەت.

خوای پەروەردگار ئەوەی کە سود بەخش بوو کەڕووناکی بوو لێی سەندنەوەو تەنها ئاگرە سوتێنەرەکەو دوکەڵەکەی بۆ هێشتنەوە، واتە لە تاریکایەکانی گومانو کوفرو نیفاقدا جێی هێشتن بە شێوەیەکیوا کە هیچ ڕێگای خێری تێدا نابینن. وە لەگەڵ ئەوەشدا سود نابینن لە بیستنو بینینو زمانیان بۆ دۆزینەوەی ڕاستی.

**تێبینی**/ سەبارەت بە کافر خوای پەروەردگار فەرمویەتی:
﴿وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لاَ يَسْمَعُ إِلاَّ دُعَاء وَنِدَاء صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ﴾ [البقرة : ١٧١].

واتە: کافر کەڕو لاڵو کوێرنو ئەوان حاڵی نابن، چونکە دەرگاکانی هیدایەتیان لە خۆیان داخستووە.

بەلآم مونافیق دوای ئەوەی کە حەقی ناسی وازی لێ هێنا، لەبەر ئەوە خوای گەورە عقوبەی داوەو کەڕو لاڵ و کوێری کردونو جارێکی تر ناگەڕێنەوە ﴿صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَرْجِعُونَ﴾ [البقرة : ١٨].

*****+++++******

## نموونەی ئاو لە سەر مونافیقەکان :

خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ السَّمَاءِ فِيهِ ظُلُمَاتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ يَجْعَلُونَ أَصْابِعَهُمْ فِي آذَانِهِم مِّنَ الصَّوَاعِقِ حَذَرَ الْمَوْتِ وَاللّهُ مُحِيطٌ بِالْكافِرِينَ (١٩) يَكَادُ الْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَارَهُمْ كُلَّمَا أَضَاء لَهُم مَّشَوْاْ فِيهِ وَإِذَا أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُواْ وَلَوْ شَاء اللّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ إِنَّ اللَّه عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٢٠)﴾ .

واتە/ یاخود وێنە یان ( گشتیان یان کۆمەڵێکی تریان) کە جارجار حەقیان بۆدەردەکەوێت و زۆربەی جاریش لەگومان و دوو دڵیدا دەژین. وەکو وێنەی کۆمەڵە کەسێك وایە کە لە چۆڵیەك دەڕۆن لە تاریکەشەوێکدا، وە بارانێکی بەلێزمە بەسەریاندا دەبارێت، کە بارانەکە:

- چەندەها تاریکایی تێدایە، وەك: تاریکایی هەورو بارانو شەو،
- وەهەروەها جگە لە تاریکایی بارانەکە هەورە تریشقەو، دەنگی گەورەی گرمەگرمی هەورەکانی لەگەڵدایە.
- وەهەروەها بارانەکە تیشکی بروسکەشی لەکەڵدایە.

وەپەنجەکانیان دەخەنە گوێچکەکانیانەوە بۆ ئەوەی دەنگە بەهێزەکەی هەورە تریشقەکان نەبیستن، تا نەیان تۆقێنێتو نەیان کوژێت، بەڵام نازانن کە خۆپارێزی لە خوا ناکرێت، چونکە ئەو پەروەردگارە بەتوانای خۆی دەوری بێ باوەڕانی داوەو لە دەسەڵاتو هێزی ئەو دەرناچن.

وە هەروەها بەهێزی تیشکی بروسکەکانیش خەریکە چاوەکانیان دەربهێنێت.

جاکە هەرکاتێ تیشکی بروسکەکە دەورو بەری بۆ ڕوناك کردنەوە، ئەوە فرسەت دەهێنن و دەڕۆن ( بەڵام کاتەکەی زۆر زۆر کەمە)، وە کە لە پرپیش تیشکەکە نەما تاریکاییەکان دایان دەپۆشنەوەو ناچار دەوەستنەوەو ناتوانن لەشوێنی خۆیان بڕۆن.

وە کە خوا حەزی کردباو ویستبای ئەوا بیستنو بینینەکانیشیانی لێ دەساندنەوەو کەرو کوێری دەکردن بەهۆی بەهێزی دەنگی هەورە تریشقەو پتەوی تیشکی بروسکەکان. وەبەڕاستی

خـوای پــەروەردگار بەتوانایــە لەســەر هەموو شتێك .

**لەم نمونەیەدا دەركەوت كە:**

حـاڵی مونافیقـەكانیش وەكـو حـاڵی ئەوكۆمەڵـە وایــە لــەوەدا كـە ئەگــەر قورئانیان بخرێتە بەرگوێ، وە فـەرمان و نەهیەكانیو، بەڵێنو مژدەو هەڕەشەكانی دەبیـــستن، پەنجـــەكانیان دەخەنـــە گوێچكەكانیانەوەو دەیانـەوێت ڕزگاریـان بێت لێی، هەروەكو چۆن باران بەسـەردا باریوەكان بێ تاقەت دەبوون لـە هـەورە تریـــشقەو بروســـكەكانو پەنجـــەیان دەخـــستنە گوێـــچكەكانیانەوە ! . بــەڵام خـــوای پـــەروەردگاریش بەتوانایـــە لەسەریان. وە هەرچەندە ئـەوان ڕابكـەن لـە قورئـان نـاتوانن لـە هەڕەشـەی خـوا ڕزگاریان بێت.

******

☒ ئـــەو دوو نمونەیـــە كـــە دەگەڕێتەوە؟

☒ دوو بۆچون هەیە لەم بارەیەوە:

(**ڕای یەكەم**): **ڕای یەكەم ئەوەیـە كە هەر نمونەیەی جۆرێك لە دوو ڕوووەكان دەگرێتەوە** بەم شێوەیە:

١- ***نمونەی ئاگرەكە*** ئـەو مونافیقانە دەگرێتەوە كـە سـەركردەی دوو ڕوویـیو دووڕووەكانن كە خەڵكی بانگ دەكـەن بـۆ دۆزەخ، ئەوانـە ئـەو كەسـانەن كـە دوای چـاو ڕۆشـنایی كوێرییـان هەڵبـژارد، وە دوای زانـین نـەزانینیان پەسـند كـرد. وە دوای باوەڕ، بێ باوەڕییان بە چاك زانـیو لـە ڕووناكیـدا نەمانـەوەو گەڕانـەوە نـاو تاریكایی.

٢- ***بەڵام نمونـەی دووەم كـە نمونـەی ئاوەكەیـــە*** ئـــەو مونافیقـــە گەمژانـــە دەگرێتەوە كە لاسایی كەرەوەی كۆمەڵی یەكـەمن، وە زۆر گێـژو بـێ عـەقڵوكورت بینن، ئەوانەی كە:

o تیـشكی بروسـكە چـاوەكانیانی نوقانـدووەو نزیكـە كوێریـان بكـات، لەبـەر بـەهێزی تیـشكەكەو لاوازی چـاوەكانیان. وە وەك شەمــشەمە كـوێرە چـاویان هەڵنایـەت بەرامبـەر ڕووناكی.

o وەهــەروەها دەنگــی بــەهێزی هــەورە ترشــقە گوێــچكەیانی پــڕ كردووەو نزیكە كەڕیان بكات بۆیە لە

ترسان پەنجەکانیان دەخەنە گوێچکەکانیانەوەو حەزناکەن بە بیستنی قورئان، بەڵکو ڕادەکەن لێی.

✓ **ئەمەش حاڵی ئەو دڵ نەخۆش و کەم عەقڵانەیە کە کاتێک ئایەتەکانی قورئان دەبیستن سەبارەت بە خوا بە تەنها پەرستی، یان سەبارت بە ناوو سیفەتەکانی خوای پەروەردگار، دڵیان تەنگ دەبێت و چاویان تاریک دەبێت و گوێیان گران دەبێت و حەز ناکەن ببیستن و پشتی لێ هەڵ دەکەن و دەگەڕێنەوە سەر ئەو ڕاو بۆ چوونە گومڕاو تاریکانە کە بەلاسایی کردنەوە لە پێشەوا گومڕاکانی خۆیان وەریان گرتووە!!**

(**ڕای دووەم**) : **ڕای دووەم ئەوەیە کە هەردوو نمونەکە تێکڕای دووڕووەکان دەگرێتەوە، چونکە دوو ڕووەکان هەردوو سیفەتەکەیان تێدا هەیە، هەریەکەیان بەئەندازەیەک:**

١. ئینکاری کردنیان هەیە دوای بۆ دەرکەوتنی ڕاستی،

٢. وەهەروەها سیفەتی گەمژەیتی و بێ ئاگایی و بێ بەهرەمەند بوون لە قورئان و دوورکەتنەوە لێی. ئەوەشیان تێداهەیە

بەڵام هەندێکیان سیفەتی یەکەمی زیاترە لە دووەم، وە هەشیانە بە پێچەوانەوە.

## حیکمەت و پەندو دەرسەکانی ئەم دوو نمونەیە:

﴿١﴾ ئەو کەسەی کە لە ئاگری خەڵکی ڕوناکی وەر بگرێت، واتە پشت ببەستێ بە تیشکی روناکی ئاگری خەڵك، ئەوە هەرکاتێ ئاگرەکە نەما ڕوناکیەکەی نامێنێت و دەکەوێتە تاریکی، چونکە ڕوناکیەکە لە بەنەڕەتدا هی خۆی نەبوو. بەهەمان شێوەش مرۆڤی مونافیق کاتێك کەبەدەم دانینا بەو ئیسلامە ڕوناکەی کە موسوڵمانان باوەڕیان پێیەتی ئەوە تۆزێك ڕوناکی بۆدێت تا کاتێکی دیاری کراو کە تەنها ژیانی دونیایە بەڵام کە مرد ئەوە ڕوناکیەکە لەگەڵی ناچێتە ناو دۆزەخ و لە دواڕۆژیش پردی سەرپەرشتی دۆزەخی بۆ ڕوناك ناکاتەوە چونکە

ڕوناکیەکە لەبنەڕتدا هی خۆی نەبوو وە لەناخی بیرو باوەڕی دڵیەوە سەری هەڵنەدابوو وە کە موسوڵمانەکان جێیان هێشت روناکیەکەیان لەگەڵ خۆیان برد.

﴿٢﴾ بۆ ئەوەی ڕوناکی بەردەوام بێت پێویستە ماددەیەکی گڕ خۆشکەری لەژێریەوە بێت کە بەردەوامی بە ڕوناکیەکە ببەخشێت. وە ئەو مادده گڕ خۆشکەرەی ڕووناکیش بۆ دوا ڕۆژ تەنها باوەڕی ڕاستەقینەیە بە ئیسلام کە زانستی بەسودو کردەوەی باش دەگرێتە خۆی. جا هەرکاتێك ڕووناکی مرۆڤێك ماددەی ئیمانی لە ژێر نەبوو ئەوە بەردەوام نابێتو ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر لێی دەکوژێتەوە لە پێویست ترین حاڵەتدا بۆی.

﴿٣﴾ دوو جۆر تاریکی هەیە:

١. تاریکیەك ڕوناکی لە پێش نەبووبێت کە ئەوەیان تۆزێك ئاساییە. ئەمەش تاریکایی کافرە.
٢. تاریکیەیە کە دوای ڕووناکی بڵاو دەبێتەوە. کە ئەوەیان زۆر تاریکەو ناڕەحەتەو مرۆڤ ناتوانێ ڕێی تێبکات.

جا ئەمەی دووەمیان تاریکی دووڕووەکانە کە ئیسلام پێش چاویانی ڕووناك کردەوە بەڵام چونکە ڕاستیان نەکرد لەگەڵ خوای گەورە، ماددەی ڕوناکیەکەی لێ سەندنەوەو لە تاریکیەك هێشتنیەوە کە بەرەو پلەی هەرە ژێرەوەی دۆزەخ دەیان بات.

﴿٤﴾ ڕوناکی مونافیقەکان لە دواڕۆژیشدا هاو شێوەی ڕوناکیەکەیانە لە دونیا، واتە هەروەکە چۆن لە دونیا ڕوناکیە ڕاستەقینەکەیان تەنها تا ئەو کاتە بوو کە سەرەتا ئیسلامیان قەبووڵ کرد. بەهەمان شێوە لە دوا ڕۆژیش ڕوناکیەکەیان کاتیەو تاسەر نیە، بەڵکو لە سەرەتای چونە سەر پردی دۆزەخ دڵیان خۆشە بەو ڕناکیەکەیان، بەڵام لەپڕ کۆتایی دێت بەڕوناکیەکەیانو لە تاریکاییدا دەمێننەوە لەسەر ئەو پردە تەسکەی بۆیان دانراوە لەسەر

دۆزەخ. هەروەك لە فەرموودەی پێغەبەرﷺ هاتووە:

( نجيء نحن يوم القيامة على تلّ فوق الناس، قال: فتدعى الأمم بأوثانها وما كانت تعبد؛ الأول فالأول، ثم يأتينا ربنا تبارك وتعالى بعد ذلك فيقول: من تنتظرون؟

فيقولون، ننتظر ربنا، فيقولُ: أنا ربكم، فيقولون: حتى ننظُر إليك فيتجلى لهم يضحك. قال: فينطلق بهم فيتبعونه، ويعطى كُلّ إنسان منهم - منافق أو مؤمن - نوراً، ثم يتبعونه، وعلى جسر جهنم كلاليب وحسك تأخذُ من شاء الله تعالى، ثُم يطفأُ نور المنافقين، ثمّ ينجو المؤمنون ... ))[٤].

واتە: ئێمەی ئومەتی ئیسلام ڕۆژی قیامەت دێینە سەر تەپۆڵكەیەك لەسەروی ئوممەتانی ترەوە. وە هەر ئومەتەی بە پەرستراوی خۆیەوە بانگ دەكرێن بۆ دۆزەخ. واتە هەر ئوممەتەی دەكەوێتە شوێن پێشەوای خۆی جگە لە خوا، كە بەرەو دۆزەخ دەیان بەن.

لە پاشان ئێمەی ئوممەتی ئیسلام دەمێنینەوەو پەروەردگار دێتە لامان دەفەرموێت: چاوەڕێی كێ دەكەن ئێوەی خوا پەرست؟.

دەڵێین: پەروەرگارمان.

دەفەرموێت: من پەروەرگارتانم.

ئەوانیش دەڵێن: دەی چاوەڕێی تۆین.

وە پەروەرگار خۆی دەردەخات بۆیان و پێ دەكەنێت ( بەوشێوەیەی كە لەزاتی خوایەتی خۆی دەوەشێتەوە بەبێ تەشبیه).

جا پەروەردگار دەیان بات بەرەو پردی دۆزەخ وە هەریەكەشیان ـــ بڕوادارو مونافیق ـــ ڕوناكیەكی پێدەدرێت - بە ئەندازەی ڕوناكیەكەی لە دونیادا - بۆ ئەوەی بەرچاوو پێش قاچی خۆی پێ ببینێت.

وە لەسەر پردی دۆزەخ قولاپو دركی ( وەك تەل دروو) هەیەو ئەو كەسانە دەگرێت كە خوا دەیەوێت بگیرێن و بەردەوام نەبن لە ڕۆیشتن بۆ ئەوەی بكەونە ناو ئاگری دۆزەخ.

دوای ئەوە ڕوناكی مونافیقەكان دەكوژێتەوەو بەر پێی خۆیان نابینن و بەقولابو تەڵ دروەكانەوە دەبن و فڕێ

---

[٤] صحيح مسلم من حديث جابر بن عبد الله ﷺ .

دەدرێنە ناو دۆزەخەوە، بەڵام بڕواداران ڕوناکیان بەردەوام دەبێت و ڕزگاریان دەبێت.

کەواتە بۆمان دەرکەوت لەم فەرموودەیە کە هەرکەسە لەگەڵ پەرستراوی خۆی دەبێت لە دواڕۆژدا:

- ئەوانەی خوا دەپەرستن بە تەنها ئەوە خوای گەورە بەفریایان دەکەوێت لەناڕەحەت ترین کاتدا وە بەرەو بەهەشت دەیان بات.
- وە ئەوانەش کە شتی تریان دەپەرست جگە لە خوا ئەوە پەرستراوە پوچەڵە ناڕەواکانیان - کەڕازی بوون بەوەی بپەرسترێن جگە لە خوا - دەیان بەن بەرەو دۆزەخ. وەك ئەوانەی شوێن فیرعەونەکان دەکەون لە دونیادا. (**یقدم قومه یوم القیامة فأوردهم النار بئس الورد المورود**).

وە پەروەردگار فەرموویەتی:
﴿إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَارِدُونَ﴾ [سورة الأنبياء : ٩٨] .

واتە ئێوە ئەی هاوبەشی پەیداکەران، وە ئەوانەش کە دەیان پەرستن جگە لە خوا وەڕازی بوون بەکاری ئێوە - هەردوو لاتان بەیەکەوە سوتەمەنی دۆزەخن‌و دەچنە ناویەوە.

﴿٥﴾لە نمونەی یەکەمدا بۆمان دەرکەوت کە دوو ڕوەکان لە تاریکی گومڕایی‌و دوو دڵی‌و سەر لێ شێواویدا دەمێننەوە، کە ئەمەش پێچەوانەی ڕێنمایی‌و هیدایەتە.

وە لەنمونەی دووەمدا دەرکەوت کەدوو ڕووەکان لە ترسدا دەژین‌و ئاسایش‌و ئیسراحەتیان نیە.

بەڵام بڕوادار بە پێچەوانەی مونافیقەکانەو لەدونیاش‌و دواڕۆژیشدا لە ئاسایش‌و ڕێنموییدایە.
﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَئِكَ لَهُمُ **الأَمْنُ** وَهُم **مُّهْتَدُونَ**﴾ [سورة الأنعام : ٨٢].

بەڵام دوو ڕوەکان بەردەوام لە ترسدان‌و هەرگیز سەر لێشێواوو گومڕاشن.

وە هەرچەندە لەدونیادا بەهۆی دەربڕینی وشەی ﴿لاإله إلا الله ، محمد رسول الله﴾ ئەمین دەبن لە سەرو ماڵیان

بەڵام کە مردن دووبارە تـرسو تاریکیـان بۆ دەگەڕێتەوە.

**تێبینـــی/ هەنـــدێ لـــە زانایـــان فەرموویانە: ڕۆشناییەکەیان و تاریکایی بەدوادا هاتنەوەکەیان لە دونیادایە، وە هەنـــدێ وتوویانـــە لـــە دۆزەخدایـــە، وەهەندێکیش وتویانە لە دوارۆژدایە.**

**بـەڵام لەڕاسـتیدا ئـەوە حاڵیانـە لـە هەرسێ شوێنەکە چونکە لەدونیادا چۆن بن، خـوای پـەروەردگار بەهـەمان شـێوە سزایان دەدات لە دۆزەخ و لە دوارۆژیش.**

**جـا هەرکەسـێ لـە دونیـادا کـەڕو کوێربێت لە ئاستی ئایەتەکانی قورئان ئـەوە لـەدوا ڕۆژیـشدا خـوا بـە کـوێری حەشری دەکات:**

﴿وَمَن كَانَ فِي هَـذِهِ أَعْمَى فَهُوَ فِي الآخِرَةِ أَعْمَى وَأَضَلُّ سَبِيلاً﴾ [الأسراء : ٧٢].

**ويموتُ الانسانُ على ماعاش عليه،**

**ويُبْعَثُ على ماماتَ عليه.**

## سێهەم:

## نمونەی ئاوو ئاگر لە سورەتی (النور) سەبارەت بە کافرەکان:

﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاء حَتَّى إِذَا جَاءهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئاً وَوَجَدَ اللَّهَ عِندَهُ فَوَفَّاهُ حِسَابَهُ وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ (٣٩) أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُّجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُوراً فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ (٤٠)﴾ .

زانـای پایـە بـەرز (ابـن كثيـر رحمـه الله) لـە لێکدانـەوەی ئـەم دوو ئایەتـە فەرمویەتی:

ئەمــە دوو نمونــەن خــوای گــەورە هێناونیەتەوە لەسەر دوو جۆرەکەی بێ باوەڕان:

## نمونەی یەکەم

## نمونەی ئاوی (سەراب)

***ئـەم نمونەیـە لەسـەر بـێ بـاوەڕە بانگەوازکارەکانە***، کە بانگەشـە دەکـەن بـۆ بـێ بـاوەڕی، وە وادەزانـن خـاوەنی عیبادەت و کاری چاکن، بەڵام لەڕاسـتیدا وانییەو خاوەنی هیچ کـارو عیبـادەتێکی پەسـندو بـاش نـینو هـیچ شـتێك لـە کردەوەکانیـان کـەڵکی نیـیە بـۆ دوا ڕۆژیان.

ئەو کافرانە وێنـەی کردەوەکانیـان ــ کە دڵیان پێیان خۆشە ــ وەکو سـەرابێك وایـە واتـە وەکـو ئـەوە وایـە کـە لـە دەشـتێکی تەختـدا کـە لـەکاتی گـەرمادا دوانیوەڕۆیـان لـە دوورەوە وەك ئاوێـك

دیارە وە مرۆڤی تینو دڵی پێ خۆش دەبێتو لەدوورەوە وادەزانێت ئەوە دەریایەك ئاوە، جا لە خۆشیانو لە تینوان بەپەلە بۆی دەچێت، بەڵام تاوەکو بەرەو ڕووی دەچێت ناگاتە هیچ ئاوێك، وە کە گەیشتە ئەو شوێنەش کەوەك دەریای ئاو دەچوو، هیچ ئاوی دەست ناکەوێتو بێ ئومێد دەبێتو زیاتر تینوێتیەکەی توند دەبێتو ڕەنج بەخەسار دەمێنێتەوە.

بە هەمان شێوەش بێ باوەڕان کردەوەکانیان وەکو سەرابەکە وایە خۆیان واحیساب دەکەن دەکەن کە سود بەخش بێت بۆیان، وە لە کاتی پێویست بەفریایان بێت وە لەڕواڵەتدا دەیڕازێننەوەو بەچاك نیشانی دەدەن، بەڵام چونکە ئیمانو ئیخلاسی لەگەڵ نیە بێکەڵکەو ناگیراو پوچەڵە، وە کاتێك کە بە کردەوەکەی خۆی دەگاتەوە لە دواڕۆژ وای دەست ناکەوێتەوە کە هیچ هەبێت، یاسود بەخش بێت!.

وە لەجیاتی دەست کەوتنی پاداشتی کردەوەکانی، خوای پەروەردگار دەبینێت لای کردەوەکانی بۆ پاداشت وەگرتنەوە، وە لەو کاتەدا کە پێویستی بەوە هەیە کردەوەی چاکی لەگەڵ بێت بەڵام هیچ کردەوەی چاك لەگەڵ خۆیدا نابینێت، وەخوای پەروەردگار کاتێ موحاسەبەو موناقەشەی دەکات وەکردەوەکانی لە تەرازوو دەدات هیچی بۆ نامێنێتەوە، چونکە:

١. یان بەخالیسیو تەنهاییو پاکی بۆ خوای نەیکردوە.
٢. وەیان بەوشێوەیە نەیکردوە کە لە شەرعی ئیسلامدا هاتووەو، بە گوێرەی سوننەتەو دوورە لە بیدعە!.

وە لەبەر ئەوە کردەوەکانیان پوچەڵ دەبنەوە، ئینجا خوای گەورە موحاسەبەی توندیان دەکاتو خوای پەروەردگاریش بەخێرایی لێپرسینەوە ئەنجام دەدات.

وە لەفەرمودەی پێغەمبەر ﷺ هاتووە کە: ڕۆژی دوایی بەجولەکەکان دەوترێ : ئێوە چیتان دەپەرست؟

ئەوانیش دەڵێن: ئێمە عوزەیری کوڕی خوامان دەپەرست!!

پێیان دەوترێت: درۆتان کرد خوای گەورە هیچ کوڕو منداڵی نەبووە بەڵام چیتان دەوێت؟

دەڵێن: ئەی پەروەردگار تینومان بوو ئاومان بدەرێ.

پێیات دەوترێت: بۆ نابینن چی لەبەردەمتان هەیە!! وە ئاگریان وەك سەرابێك نیشان دەدرێت و بە دەریای ئاو دێتە پێش چاویان!!.

ئەوانیش لەخۆشیدا بە پەلە پێش برکێ دەکەن بۆ خۆهەڵدانە ناویەوەو دەچنە ناو دۆزەخەوە))[٥].

وە ئەمەش وێنەی ئەو بێ باوەڕانە بوو کە نازانن، وە ناشزانن کە نازانن، واتە دووجار نەزانن (الجهل المركب) چونکە خۆیان بەخاوەنی پەرستنو کردەوەی چاك دەزانن، کەچی لە ڕاستیشدا وانیەو گومڕاکەرن نەك ڕێ نماکارو هیدایەت دەر.

## نمونەی دووم لەسەر کردەوەی کافرەکان:

## نمونەی ئاگر (المثَلُ الناري)

**(ابن كثير)** فەرموی: وێنەی دووەم وێنەی ئەو نەفامە گەمژانەیە لەکافرەکان، کە وەك ئاژەڵ چۆنو بەرەو کوێ لێیان بوخرێت ئاوا ڕێ دەگرنە بەر، وە کردەوەکانیان لاسایی کردنەوەیە بۆ سەرکردەو پێشەوا گومڕاکەرەکان، وەخۆیان وەکو کەڕو کوێر وان، وەعەقڵیان لاوازە.

وێنەی کردەوەی ئەو بێ باوەڕە نەفامانە وەك چەندەها تاریکایی وایە کە لەناو دەریایەکی قوڵدایە، کە شەپۆل لەسەر شەپۆل دایان پۆشیوەو، لەسەر ئەوانیشەوە تاریکایی هەورەکان دایگرتووە. وە تاریکاییەکان هەندێکیان لەسەر هەندێکیانن چین لەسەر چین. بەشێوەیەکی وەها تاریکە کە ئەگەر ئەو مرۆڤەی لەوێدایە دەستی خۆی

---

[٥] صحيح البخاري رقم : (٧٤٣٩) وصحيح مسلم رقم : (١٨٣) .

دەربهێنێت خەریکە نەی بینێت لەبەر توندی تاریکاییەکان.

ئەمە وێنەی دڵی ئەو بێ باوەڕە نەفامە سادانەیە کە لاسایی کەرەوەن و حاڵی ئەو کەسەش نازانن بەڕاستی کە لاسایی دەکەنەوەو دوارۆژی خۆیانی بۆ دەفرۆشن و خۆیانی بۆ ڕەنج بەخەسار دەکەن، وەنازانن بەرەو کوێ دەیان بەن، بەڵکو کەپێی بڵێن:

بەرەو کوێ کەوتویتە ڕێ؟ دەڵێت لەگەڵ ئەوان دەڕۆم!.

وە کە بڵێیت باشە ئەوان بۆ کوێ دەڕۆن؟ دەڵێت نازانم !!.

ئەوەندە نەفامە دوارۆژی خۆی کردۆتە قوربانی دونیای پێشەوا گومراکەرەکان.

ئوبەی کوڕی کەعب فەرمویەتی:

بێ باوەڕ لە پێنج تاریکاییدا دەخولێتەوە:

١. قسەکەی تاریکیە.
٢. کردەوەکەی تاریکە.
٣. شوێنی لێوە چونە ناوی (المدخل) تاریکە.
٤. وەشوێنی لێدەرچونی(المخرج) هەر تاریکە.
٥. وە شوێنیشی لەدوارۆژدا هەر بەرەو تاریکی دۆزەخە.

﴿وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُوراً فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ﴾[النور : ٤٠].

وەهەرکەسێ خوای پەروەردگار ڕوناکی پێ نەبەخشێ، ئەوا دەستی ناکەوێت لەیەکێکی ترەوە، وە بەردەوام لەتاریکی و گومراییدا دەمێنێتەوەو بە هیلاك دەچێت.

وە شێخ عبدالرحمن بن ناصر السعدی (رحمه الله) فەرمویەتی:

بێباوەڕان وەك نمونەی تاریکاییەکانی ناو ئاوەکە دڵەکانیان کۆمەڵێك تاریکی کەڵەکە بووە لە سەری:

١. تاریکی سروشتی دڵەکانیان، کە تێکچووەو لەسەر فیترەت نەماوەوخێری تێدا نەماوەو ڕوناکی نەگەیشتۆتێ.
٢. وەتاریکی کوفرو بێ باوەڕی.
٣. وە تاریکی نەفامیی و نەزانی.

٤. وەتاریکی ئەو کردەوە ناپەسندانەی کە لەو دڵەوە هەڵدەقوڵێت!

وەفەرموی: دەگونجێ کە ئەو دوو نمونەیە بۆ کردەوەکانی گشت لە کافرەکان بێت کەبێ باوەڕان هەردوو شێوە کردەوەیان تێدایە.

وەدەگونجێت کە هەر نمونەیەی بۆ کۆمەڵێك بێت واتە نمونەی یەکەم لەسەر بێ باوەڕە شوێن کەوتراوەکان بێت. وە نمونەی دووەمیش لەسەر بێ باوەڕە شوێن کەوتەکان بێت. والله أعلم.

وەخاوەنی تەفسیری (التسهیل لعلوم التنزیل) فەرمویەتی:

*نمونەی یەکەم* حاڵی کردەوەی کافرەکان نیشان دەدات لە دواڕۆژدا کە سودی لێ نابینن و بێ کەڵك و پوچەڵ دەردەچێت وەك سەراب.

*وەنمونەی دووەمیش* حاڵی کردەوەکانیان دەردەخات لە دونیادا کە لەوپەڕی خراپی و گومڕاییدایە وەك کۆمەڵێك تاریکی چین لەسەر چین، وە ئەوانیش کردەوەکانیان هیچی لەسەر ڕۆشنایی زانست نییەو هەموو بەنەفامی و گومڕایی ئەنجام دەدرێت.

ئیمام ابن القیم (رحمه الله) لە تەفسیری دوو ئایەتەکەی (النور)دا فەرموی:

خوای پەروەردگار دوو نمونەی بۆ کافرەکان هێناوەتەوە:

نمونەیەك بە سەراب، ونمونەیەك بەتاریکاییەیە لە سەریەك کەڵەکە بووەکان، چونکە ئەوانەی پشتیان هەڵکردووە لەڕێنمایی و ڕاستی دوو جۆرن:

**جۆری یەکەم**: ئەوانەی کە وازیان لەحەق هێناوەو واگومان دەبەن کە خۆیان لەسەر حەقن و خاوەنی زانست و کردەوەی باشن، بەڵام کاتێك پەردە لەسەر شتەکان لادەدرێت ئەو کاتە بۆیان دەردەکەوێت کە خاوەنی هیچ زانستێکی بەسودو کردەوەیەکی باش و پەسەند نەبوون.

ئەمەش حاڵی ئەو گومڕایانەیە کە وادەزانن لەسەر هیدایەتن و کردەوەی

چاکە دەکەن، وەك خوای گەورە حاڵی ئەوانی بۆ دەرخستوین لەم ئایەتەدا:
﴿قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالاً (١٠٣) الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعاً(١٠٤)﴾ [الكهف].

وە ئەم حاڵەتەش تەنها تایبەت نىیە بە بێ باوەڕە گومڕاکانی وەك گاورەکان (النصارى الضلال)، بەڵکو ئەهلی بیدعەو ئەهوائیش دەگرێتەوە، وە هەموو نەفامو جاهیلەکان دەگرێتەوە کە بیروباوەڕیان لەسەر بناغەی سوننەت نىیەو کردەوەکانیشیان لەسەر شەریعەت نىیە.

جا کاتێك کە لە دوارۆژدا دڵیان بەوە خۆشە کردەوەکانیان بەفریایان بێن، دەبینن بە پێچەوانەی ئاواتو گومانیان دەردەکەوێت، کە لە جیاتی سوود لێ وەر گرتنو بەکەڵك هاتن تەنها بەوە ڕزگاریان نابێت کە بە موفلیسی بمێننەوە، بەڵکو قەرزدار دەبنەوە لە سەر کردەوەکانیان کە دەبنە مایەی توڕەبوونی خواو سزای خوا چاوەڕێیان دەکاتو بەرەو دۆزەخ دەچن.

**جۆری دووەم**: ئەوانەی کە حەقیان بۆ دەردەکەوێتو دەیناسنو ڕێگای ڕاستیان لا ئاشکرایە، بەڵام تاریکاییەکانی ناحەقو گومڕایی هەڵدەبژێرن بەسەر ڕوناکیو ڕاستەقینەدا. وەئەوەش حاڵی جولەکە غەزەب لێگیراوەکانە. وە هەروەها حاڵی هەموو ئەو کەسانەشە کە دوای بینینی ڕوناکی ڕاستی، دەچنە ناو تاریکی، لەبەر ئەوە ژیانیان هەموو لە تاریکیدایەو بیرو باوەڕیان هەمووی هەر تاریکایىيەو، وێنەیان وێنەی ئەو تاریکاییانەیە کە لەناو دەریایەکی قوڵدا بەچەندەها شەپۆلو هەوری تاریكو شەوە زەنگ داپۆشراوە.

دڵیان پڕیەتی لەگومانو دوو دڵیو بێ باوەڕیو شوبهەو بۆچونی خراپ و پوچ.

کەواتە بۆمان دەرکەوت کە کۆمەڵی یەکەم کە نمونەی سەرابیان لەسەر هێنراوەتەوە خاوەنی کردەوەی ناپەسند بوون وەك گاورەکان و هاو شێوەکانیان.

وە کۆمەڵی دووەمیش کە نموونەی تاریکاییان بۆ هێنراوەتەوە خاوەنی

زانستی گوماناوی‌و پڕ لەشوبهەو ناسود بەخش بوون، وەك جولەکە غەزەب لێ گیراوەکان‌و شوێنکەوتوەکانیان.

کۆمەڵی یەکەم تەنها سەرابیان دەسکەوت لە جیاتی ئاوی ڕاستەقینە کە ماددەی ژیانی مرۆڤە.

وە کۆمەڵی دووەمیش لە جیاتی ڕوناکی کە ڕۆشنکەرەوەی ژینە لە تاریکایی دان.

بەڵام بڕواداران خاوەنی هەردوو نیعمەتەکەن کە بریتی بوون لە: ئاو کە سەرچاوەی ژیانی ڕاستەقینەیە، وە رووناکی کە ژیانی بەختەوەری پێوە بەندە.

خاوەنی زانستی بەسودو کردەوەی باش‌و پەسندن، وە تەنها ئەوانن کە لە نیعمەتدان ﴿**الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمۡ**﴾ .

وە هەروەها فەرمویەتی:

خەڵکی سەبارەت بەو وەحیەی کە خوا دایبەزاندە سەر نێرراوەکەی (ﷺ) وە کردی بەماددەی ژیان بۆ ڕوحەکەی وە ڕوناکی بۆ دڵ‌و دەروون‌و ڕێگاکەی. خەڵکی سەبارەت بەمە دوو بەشن:

## بەشی یەکەم: **أهل العلم والعمل**.

ئەوانەی کە خوا نیعمەتی بەسەردا ڕشتن، وە چاوی ڕۆشن کردنەوە بەڕوناکی وەحیەکەی و دڵیشیانی زیندوکردەوە بەو ڕوحە ڕاستەقینەیە.

ئەوانە دڵنیان کە ئەو بەرنامەیەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەریان گرتوە ڕاستەو لە خواوە هاتوە. وە باوەڕیان پێی هێناوەو لەسەری پەروەردە بوون‌و زانستی بەسودیان لێ هەڵێنجاوەو کردەوەی باشیان بەگوێرەی ئەو کردووە.

وە دڵنیاشن کە هەر زانیاری‌و بەرنامەیەك پێچەوانەی ئەمە پووچەڵەو گەندەڵەو زیان بەخشەو وێنەیشی وەکو وێنەی سەرابەکە وایە کە نەك تەنها ئاوی لێوە دەست ناکەوترێت، بەڵکو دووچاری زیان‌و ژیان تاڵی‌و عەزابیش دەبێت لێیەوە. جا لەبەر ئەوە:

- وا بەدڵنیاییەوە باوەڕیان بەو بەرنامەیەی پێغەمبەرﷺ هێناوە کە

هـیچ شـوبهەو گومانێـك كاریـان تـێ ناكاتو بیرو باوەڕیان لەق ناكات.

- وە بەشـــێوەیەكی وا تـــەواویش تەسلیمو ژێرباری فەرمانەكانی بـوون كــە هـــیچ شـــەهوەتو ئـــارەزوو و ڕابواردنێك لە گوێڕایەڵی لایان نادات و سستیان ناكات.

## بەشـــی دووەم: أهــل الجهــل والظلم.

ئەوانـەن كـە نـەفامن بـە وەحیەكـەی خـوا وە ڕێـی ڕاسـتیان ونكـردوەو شـوێن گومان دەكەون. وە سـتەم كـارن لـەوەدا كـە شـوێن ئارەزوەكانیـان دەكـەونو لـە شەریعەت لادەدەن.

﴿إِنْ هِـيَ إِلَّـا أَسْـمَاء سَـمَّيْتُمُوهَا أَنـتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنـزَلَ اللَّـهُ بِهَـا مِن سُلْطَانٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا **الظَّنَّ** وَمَا **تَهْوَى الْأَنفُسُ** وَلَقَدْ جَاءهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَى﴾ [النجم : ٢٣].

واتــە: شــوێن هــیچ بەڵگــەو هــەق نەكەوتوون تەنها ***گومانو*** ***ئاروزەوەكانی نــەفس*** نــەبێت. لــە كاتێكـدا كــە بــە دڵنیاییـــەوە لـــە پەروەردگاریانـــەوە ڕێنومـاییو هیدایـەتیان بـۆ هـاتوە !!. بەڵام گومانو شوبهەیان هەڵبژارد بەسەر هیدایەتو عیلمـی ڕاسـتەقینەو ڕێنمـایی. وە ئارەزوەكانیـــان خـــستە پـــێش فەرمانەكانی پـەروەردگار. واتـە گومـانو شـوبهەو گومراییـان خـستە پـێش ئـەو خەبەرو باسو زانستە ڕاستەقینەیە كە لە خواوە هاتوە.

وە سـتەم كـاربوون ئارەزوەكانیـان خـــستە پـــێش فەرمانـــە ڕوەكـــانی پەروەردگار.

لـە كاتێـدا كـە پـەروەردگار هەواڵـەكانی هـــەموو ڕاســـتنو حـــومكم فەرمانەكانیـشی هەموو ڕەوان (وتمت كلمة ربك صدقاً وعدلاً)

**وە ئەم بەشەش دوو جۆرن:**

- ❖ كۆمـــەڵی یەكـــەم: نەفامـــە نەفامەكان (**أصحاب الجهل المركب**).

واتە ئەوانەی كە نەفامن وە نەفامیشن بـە نەفامێتیەكـەیان واتـە وانـازانن كـە نـــەزانن وەدژایـــەتی زانایـــانی ڕاســـتەقینەدەكەن وە ئەزانـــستەش كەزانـستی حەقـەو لـە وەحیـەوەهاتوە بەناراستی دادەنێن و دژایـەتی ئـەویش و شـــوێن كەوتەكانیـــشی دەكـــەن

ئەمانەوێنەیان وەك سەرابەكە وایە، بەڵام نازانن كە چەندە گومراو دوڕاوو زەرەر مەندن.دڵیان بەكردەوەكانیان خۆشە بەڵام خوای گەورە لە دوارۆژدا بە كردەوە كانی خۆیان سزایان دەداتو دەیانكات بەداخ و حەسرەت لە سەر دڵیان و هەمو هەوڵەكانیشیان پوچەڵ دەكاتەوە و بەبادا دەچێت:

﴿وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاء مَّنثُورًا﴾ [الفرقان : ٢٣].

﴿كَذَلِكَ يُرِيهِمُ اللّهُ أَعْمَالَهُمْ حَسَرَاتٍ عَلَيْهِمْ وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنَ النَّارِ﴾ [البقرة : ١٦٧].

❖ كۆمەڵی دووەم: نەفامە سادەكان (**أصحاب الجهل البسيط**).

كە لە تاریكاییدا دەژین وە خۆشیان چاك هەست بەوە دەكەن بەڵام لاسایی كردنەوەیان بۆ گەورەو پێشەواو پێشینەكانیان كە لەگەڵ ئارەزوەكانی نەفس یەك دەگرنەوە ـ ئەوە وای لێ كردون كە رێگای راست وازلێ بهێنن و رێگای گومرایی بگرنە بەر.

واز دەهێنن لە وەحی بۆخاتری راو بۆچونی چەوتی شێخەكانیان و پێشەواكانیان كە پریەتی لە گومان و دوو دڵی و شیرك و بیدعەو نارەوایی.

كەوتونەتە ناو تاریكایی و زۆنگاوی گومرایی‌و نەفامی‌و ستەم و شیرك و گومان و دوودڵی عینادیی‌یەوە.

وەچاویان ئەوەندە لاواز بۆتەوە كە هەڵنایەت لە ئاستی تیشكی رووناكی وەحی خوایی، لە بەر ئەوە رادەكەن لەوەحی قورئان و سوونەت، وە حەزناكەن بە هەڵگرانی، وەدژایەتیشیان دەكەن. بەڵام بەری رووناكی بە بێژنگ ناگیرێت، وەهەروەها پەڵە هەوری رەش بەری رووناكی خۆر ناگرێت هەتا سەر، وە نەبینینی شەمشەمە كوێرە نیشانەی لاوازی چاویەتی، نەك نەبوونی روناكی خۆر.

## کەواتە لەو دوو نمونەی ئاوو ئاگر لە سێ سورەتی (البقره) و (الرعد) و (النور) بۆمان دەرکەوت کە خەڵکی سێ جۆرن:[٦]

**[١]- بڕواداران ﴿لە ڕواڵەت و دەروندا﴾ ئەوانیش سێ جۆرن[٧] :**

أ= المقربــون (الــسابقون): لـە خـوا نزیکـەکان بـە ئەنجامـدانی واجـب و سوننەتەکان، وە دورکەوتنەوە لە حەرام و مەکروهەکان.

ب= الأبرار (أصحاب الـيمين) : چاکەکاران بـە ئەنجامـدانی واجبـەکان و، دورکەوتنــەوە لــە حەرامــەکان. وە هەنــدێ جــار واز دەهێنێــت لــە هەنــدێ سوننەت و، هەندێ مەکروهیش دەکات.

ت= الظالم لنفسه:ستەمکار لـە نەفسی خـۆی بـە وازهێنـان لـە هەنـدێ واجـب و کردنی هەندێ حەرام - زۆر یان کەم -.

﴿ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ **ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ** وَمِنْهُم **مُّقْتَصِدٌ** وَمِنْهُمْ **سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ** بِإِذْنِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ﴾ [الفاطر : ٣٢] .

**[٢]- دوو ڕووەکان. ﴿بڕوادارن لە ڕواڵەتداو بێ باوەڕن لە دەروندا﴾**

**ئەوانیش دوو جۆرن:**

أ= منافق خالص: ئەو مونافیقانەی کە سـەرکردەی دوو ڕوویـیو دووڕووەکـانن، کە خەڵکی بانگ دەکەن بۆ دۆزەخ، ئەوانە ئەو کەسانەن کە دوای چاو ڕۆشـنایی

---

[٦] بروانە: (المصباح المنير في تهذيب تفسير ابن كثير) ص : (٤١ ـ ٤٢).

[٧] جۆری یەکەم و دووەمیان لە سەرەتاو کۆتـایی سـورەتی (الواقعة) وە هـەروەها لـە سـورەتی (الإنـسان)دا بـاس کراون. وە هەرسێ جۆرەکەش بە یەکەوە لە ئایەتی (٣٢)ی سورەتی (الفاطر)دا باس کراون.

كوێرییان هەڵبژارد. وە مونافیقی خاڵیسن. ***نمونەی ئاطرةكة*** ئەم كۆمەڵە دەگرێتەوە.

ب= منافق متردد: ئەو مونافیقە گەمژانەی كە لاسایی كەرەوەی كۆمەڵی یەكەمن، وە زۆر گێژو بێ عەقڵوكورت بینن وة بتردةوام لة دوو دڵیدان. ***نمونةی ئاوةكة*** ئەم كۆمەڵە دەگرێتەوە.

## [٣]- بێ بڕوایان.﴿ بێ باوەڕن لە ڕواڵەتیشداو لە دەرونیشدا﴾ ئەوانیش دوو جۆرن[٨] :

أ= **الكفار الدُعاة المتبوعون أصحاب (الجهل المُركَّب)** ئەو بێ باوەڕانەی كە نازانن، وە ناشزانن كە نازانن، واتە دووجار نەزاننز وە بانگەوازكارن و خەڵك شوێنیان دەكەون.﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ (٨) ثَانِيَ عِطْفِهِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ... (٩)﴾ [سورة الحج : ٨ – ٩] [٩].

ب= **الكفار المقلدون أصحاب (الجهل البسيط):** بێ باوەڕە نەفامە سادەكان كە لاسايی كەرەوەنو حاڵی ئەو كەسەش نازانن بەڕاستی كە لاسایی دەكەنەوە. ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيْطَانٍ مَّرِيدٍ﴾ [سورة الحج : ٣] [١٠].

---

[٨] حاڵی هەردوو جۆرەكە باس كراوە لە قورئانی پیرۆزدا لەم شوێنانە:(البقرة:١٦٦-١٦٧)(الأحزاب:(٦٦-٦٨) (الغافر:٤٧-٤٨).

[٩] قال الحافظ ابن كثير في تفسير هذه الآية: (ذكر تعالى في هذه حال الدعاة إلى الضلال من رؤوس الكفر والبدع).

[١٠] قال الحافظ ابن كثير في تفسير هذه الآية: (يقول تعالى ذاما لمن كذب بالبعث و أنكر قدرة الله على إحياء الموتى، معرضا عما أنزل الله على أنبيائه، متبعا في قوله وإنكاره وكفره كل شيطان مريد، من الإنس والجن، وهذا حال أهل البدع والضلال المعرضين عن الحق، المتبعين للباطل، يتركون ما أنزل الله على رسوله من الحق المبين، ويتبعون أقوال رؤوس الضلالة الدعاة إلى البدع بالأهواء والآراء).

**[٤]- وە جۆرێکی چوارەمیش هەیە ﴿المستضعف بین الكفار الذي لم يُمكنه المجاهرة بخلاف قومه﴾ کە ئەوانەن لە ڕواڵەتدا بێ باوەڕن بەڵام لەدڵدا باوەڕدارن** ، وە لە ترسی کافرەکان نەیانتوانیوە خۆیان دەربخەن.

وە بەردەوام ئەم کۆمەڵە هەبوون لە پێش پێغەمبەریشداﷺ وە لە کاتی ئەویشداو لە دواتریش وەك:

**أ- مؤمن آل فرعون.**

نەجاشی پادشای گاورەکان لە حەبەشە.

موسوڵمانە بێ دەسەڵاتە کۆچ نەکردووەکانی ژێر دەستەی کافرەکانی مەککە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

بڕوانە :

١- تفسير(ابن القيم) في:(الضوء المنير على التفسير) : (٣ / ٥٦٢ ـ ٥٦٤) .

٢- تفسير ابن كثير

٣- تفسير ابن السعدي

٤- التفسير الميسر

نوسینی

باوکی عبد الحق عبداللطيف أحمد

السبت، ١٦ جمادى الأولى، ١٤٢٥